# د. یاسین "پیاو هەبووە کچەکەی کوشتووە، پاش پشکنین کە دەرکەوتوە کچە ئینجا تەرمەکەی وەرگرتۆتەوە"




"٩٥% ی ئەو ژنانەی بەتۆمەتی پەیوەندی خۆشەویشتی کە لەو حاڵەتە تاوانی ئەوەشی دەخرێتە پاڵ کەسێکسی لەمیانەی ئەو پەیوەندیەدا کردبێت دەکوژرێن،پاش پشکنین دەردەکەوێت کچن"

دەزگا بەرپرسەکان کۆکن لەسەر بەرز بونەوەی رێژەی تاوانو بەتایبەت ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەر ئافرەتان دەکرێت، بەڵگەش ئەو ئامارانەیە کەلە سەرچاوە فەرمیی و هەندیك لە کەناڵەکانی میدیاوە پەخش دەکرێت، دکتۆر یاسین کەریم بەرێوەبەری پەیمانگای پزیشکی دادوەریە لە هەولێرو هەڵگری ماستەر لە زانستە بنەماییەکانی زانستی توێکاری زانکۆی سەلاحەدینو قوتابی دکتۆرا.

سەبارەت بەرێژەو جۆری تاوان لە هەر یەك لە شارەکانی هەولێرو قەزای سۆرانو دهۆك کە دەکەونە ژێر دەسەلاتی کارکردنی دەزگاکەی ئەوانەوەو دەڵێت "ئەوەی سەرنج راکێشە رێژەی تاوانو ئەو توندوتیژیانەی دژ بەئافرەتان دەکرێن لەبەرزبوونەوەدان ئەمەش زەنگێکی خەتەرناکە".

ئەو وەك بەرێوەبەری پەیمانگای پزیشکی دادوەری، باس لەتاوانەکان بەگشتیو تاوانەکانی دژ بەئافرەتان بەتایبەتی دەکاتو لەکارکردنی خۆیانەوە بۆ دیاری کردنی ناسنامە ـ هۆی کوشتن ـ کاتی کوشتنو زۆر وردەکاری تری پەیوەست بەکوشتنی ژنانەوە دەڵێت "جاری وا هەیە تەرمی ئافرەتێکمان بۆ دێت نەناسراوەو فرێدراوە کە دەگاتە لای ئێمە کۆمەڵێك پشکنینی بۆ دەکەین بەتایبەت پشکنینی پەردەی کچێنیو زۆرینەی کوژراوەکانیش کچن ".ئەو لەقسەکانیدا باسی لەوە دەکرد کە لەکۆمەڵگای ئێمەدا کچان لە کاتێکدا پێیان دەزانرێت کەپەیوەندی خۆشەویستیان هەیە راستەوخۆ بەوە تاوانبار دەکرێن کە لەمیانەی ئەو پەیوەندیەدا سێکسیان کردبێت، هەر بە هۆی ئەو گومانەشەوە کوژرێن، بەڵام ٩٥% کوژراوەکان پاش پشکنین دەردەکەوێت کە کچن و دەڵێت".باوك هەبوە کچەکەی خۆی کوشتوە کە تەرمەکەی هێنراوەتە ئێرەو لەلایەن لیژنەی پشکننی پەردەی کچێنییەوە پشکنینی بۆ کراوەو دەرکەوتووە کچ بووە، زۆر پەشیمان بووە چونکە لە لای خەڵك بە دەستی خۆی حەیای خۆی بردو کچێکی بێتاوانیشی کوشت" هەروەها دەڵێت "حاڵەت هەبوە پاش ئەوەی زانیویانە کە کچە ئینجا هاتوون تەرمەکەیان بردۆتەوە"، دکتۆر یاسین ئەو نمونانە بە نمونە زیندووەکان باس دەکاتو ئاماژەش بەوە دەدات کە ئەوان لەسەر داوای پۆلیس پشکنینی پەردەی کچێنی بۆ کوژراوەکان دەکەن و پشکنین بۆ ژنە کوژراوەکان جیاوازە " ئێمە بۆ ژنە کوژراوەکان پشکنینی سکپڕبونیان بۆ دەکەین". ئەو دەیەوێت زیاتر باس لەو ئافرەتانە بکات کە دەکوژرێنو فڕێ دەدرێنو هیچ ناسنامەیەکیان نیەو دەبرێتە دەزگاکەی ئەوان، "هەر تەرمێك دەدۆزرێتەوەو کەس نایەت بەلایەدا بە پێی یاسا ٣ مانگ لەساردکەرەوەکانی ئێمەدا دەمێنێتەوە ، دوای ئەوە کە کەس لێی نەپرسییەوە شارەوانی ئاگادار دەکرێتەوە ئەوان تیمێکی تایبەت دەنێرنو ئەو تیمە تەرمەکە لەگۆڕستانێکی تایبەت بەشارەوانی دەنێژێتو ژمارەیەکی بۆ دادەنێت" دکتۆر سەبارەت بە وردەکاریەکانی ئەو مەسەلەیە هێما بۆ ئەوە دەکات ئەو گۆڕستانە تایبەتەو بەگۆڕستانی (توب عەدلی) ناودەبرێتو هەر تەرمێکی بێناونیشان بەر لەوەی رەوانەی ئەوێ بکرێت وێنەی دەگیرێتو هەر شتێکی جیاوازی وەك خاڵو جێگەی برینی کۆن ...هتد لەراپۆرتێکدا ئاماژەی پێ دەدرێتو وێنەی دەگیرێت، پاش ئەوەی ژمارەیەکی بۆ دیاری دەکرێت ئەوجا دەنێژرێت "ئەگەر کەسێك بیەوێت لەتەرمێك بپرسێتەوە دەچێتە شارەوانی، بەڵام تا ئێستا روی نەداوە ئەو تەرمانە کەس خۆی بکات بەخاوەنیان، حاڵەتی زۆر کەم نەبێت" دکتۆر دلێر باس لەوردەکاریەکانی کاری خۆیانو ئەو هۆکارانە دەکات کە کاریگەریان لەسەر کارەکانی ئەوانە "رەگەزی کات رۆڵێکی سەرەکی دەگێرێت، چونکە گەر تەرمێك بەتایبەت لەهاویندا فڕێ بدرێت تەواو بۆگەن دەکات، ئەوەش بەهۆی ئەو بەکتریایانەی کە لەناو هەناودا دەژین، دێنە دەرێو تەرمەکە دەتەقێن، ئەوەش کاری ئێمە زەحمەت دەکات لە ئەنجام دانی پشکنینەکانو وەرگرتنی ئەنجامی خێرا و زۆرینەی ئافرەتە کوژراوەکان تەمەنیان لە نێوان ١٨_٢٤ دایە".ئەو باس لەوە دەکات کە زۆربەی ئەو تەرمانەی دەگاتە لایان بەتایبەتی ئافرەتان جل وموستیلەو هەر شتێکی تری پێوە بێت لێی دەکەنەوە بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە، ئەوەش کاری ئەوان زەحمەت دەکات، بەڵام وەك خۆی دەڵێت" نابێتە رێگر "سەبارەت بەو کەسانەش کە تەرمەکان دەدۆزنەوە دکتۆر یاسین بە سوپاسەوە باس لە هاوکاریان دەکات "پێشمەرگەو زێرەڤانیو پۆلیس بۆ ئێمەیان دەهێنن، چونکە لەدەشت فڕێ دەدرێن هەندێك جاریش هاولاتی ئەو دەزگایانە ئاگادار دەکەنەوە"، ئەو باس لەحاڵەتێکی ناوازەش دەکاتو دەڵێت "تەرم هەیە پاش کوشتنیان دەشێوێنرێت بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە، بەڵام ئێمە کارەکەمان ئەوەیە ناسنامەی تەرمەکە بناسینەوە". ئەو نەبونی هۆشیاری بە تایبەت لە سود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ بە هۆکارێکی تاوان دەزانێت و دەڵێت "ئەگەر سەتەلایت نەبێت چۆن ژنان پەی بەوە دەبەن کە پەنا ببەنە بەر خۆ فرێدان لە بەرزاییەوە بۆ خۆکوشتن، ئەمساڵ دو حاڵەتی وامان هەبوە دوو ئافرەتی تەمەن ٢٥ ساڵ و٢٢ ساڵ لە دوو روداوی جیادا بەو شێوەیە خۆیان کوشتوە"ئەو دەزگاکانی راگەیاندن بە بەرپرسی هەموو هەڵە بەکارهێنانێکی تەکنەلۆژیای نوێ دە زانێت " ئەوان هیچ هۆشیارییەك نابەخشن سەبارەت بە بەکار هێنانی تەکنەلوژیای نوێ بۆیە کارەکان وای لێدێت و هەڵەکانیش هاوولاتی بەرەو ئاقاری خۆکوشتن و تاوان دەبات ".

ئەو کە هێدی هێدی ئامارەکانی بەرزبوونەوەی تاوانی دەخوێندەوەو شی دەکردەوە، باسی لەتوندوتیژی دەکرد لەپەنجەرەی ژورەکەیەوە زوو زوو سەیری دەرەوەی دەکرد بزانێت حاڵەتی نوێ چیان بۆ دێت پەنجەی بۆ کچێکی ٥-٦ ساڵان راکێشا کە دەستی بەدەستی دایکیەوە بوو، دکتۆر یاسین ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو کچە لەژووری پشکنینی پەردەی کچێنی هاتە دەرەوە کە لەوانەیە بەهۆی کەوتن یان هەر رووداوێکی تر بێت، خێزانەکەی گومانی لەدەستدانی پەردەی لێدەکەن.

## دەزگایەکی پێشکەوتو بۆ پشکنینی پەردەی کچێنی لە هەولێر

پشکنینی پەردەی کچێنی لەشارەکاندا بۆ نمونە شاری سلێمانی لەنەخۆشخانەی منداڵبوون یان توب عەدلی دەکرێت، ئەوەش کاتێك گومانی لەدەستدانی پەردەی کچێنی یان دەستدرێژی کردنە سەر لەو کچە دەکرێتو لەلایەن یەکێك لەبنکەکانی پۆلیسەوە رەوانەی یەکێك لەودو دەزگایە دەکرێت، بەپێی راپۆرتێکی (رێوان) ژ (١٣٧) لەشاری سلێمانی دا ئەو پشکنینە لە نەخوشخانەی لە دایکبوون و توب عەدلی دەکرێت ئەویش بە ناردنی کچەکە لە گەڵ پۆلیسێکدا و بە بەرچاوی خەڵکەکەوە دەبرێت دەپشکنرێت، ئەمەش کاریگەریەکی ئێجگار سلبی دەخاتە سەر دەرونو ناوبانگی ئەو کچانەی کە زۆرترین رێژەیان لەسەر بنەمای گومانەوە دەنێردرێنە ئەوێ، بەپێی وتەکانی دکتۆر یاسین ئەو پشکنینە لە شاری هەولێر جیاوازەو وتی "دەزگایەکی پێشکەوتومان هەیە ژورێکی تایبەتو بەجیامان هەیە کە بۆ ئەو پشکنینەو سێ پزیشکی ئافرەتی، پسپۆڕ حاڵەتەکان دەپشکنن بەهیچ جۆرێك نەخۆش حاڵەتەکە نابینێو بەهیچ شێوەیەك ناهێڵین پۆلیس نەخۆشەکە بهێنێ" ئەو سەرەرای ئەوەی زۆر بە گرنگیەوە باسی لەوە دەکرد کە دەبێ کاری جیدی بکرێت بۆ بەرگرتن لە توندو تیژی و برەو دان بە هۆشیار کردنەوە، ئاماژەشی بەوە دا کە نەبونی متمانە لە ناو کۆمەڵگادا بە هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی رێژەکانی تاوان لە قەڵەم دەدات و وەك دەڵێت "بەڵگەشم بۆ ئەوە لە ساڵی ٢٠٠٤دا ٢٣٩ حاڵەتی پشکنینی پەردەمان هەبووە بەڵام لە ٢٠٠٥ دا ٢٧٠حاڵەتمان هەبووە وتا مانگی٦ ی ساڵی ٢٠٠٦دا ١٩٦ حالەتمان بۆ هاتوەو زۆینەشیان پاش پشکنین کچن "..

ئەو باس لەحاڵەتێکی تر دەکات کە هاوکات لەگەڵ بەسەرەوەچونی رێژەی تاوان ئەو حاڵەتەش سەری هەڵداوە ئەویش فرێدانی منداڵی ساوایە کە بەپێ ئامارەکان لە ساڵی ٢٠٠٤ دا٣ ساوای فرێدراو دۆزراونەتەوەو لەساڵی٢٠٠٥ دا ٢ ساوای فرێدراو دۆزراوتەوە.

دەڵێت "ئەوە یەکێکە لەحاڵەتە هەڵەکان من داوام کردووە ئەو ساوا فرێدراوانەی دەدۆزرێنەوە رەگەزەکەی دیاری بکرێت" ئەوەش لە روانگەی ئەوەی تا ئەمرۆش خێزان هەیە پاش ئەوەی چەند کچێکی هەیەو دەزانێت کۆرپەلەی سکی ژنەکە، کچە هەر بۆیە داوای لەباربردن یان فرێدانی لێ دەکات، یەکێك لەو تاوانانەش دژ بەژنانیش دەکرێت لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەباربردنە بەنهێنی، کە بەپێی دەقە یاساییە کارپێکراوەکان لەباربردن قەدەغەکراوە، ئەوەش وایکردووە برەو بدرێت بەلەباربردنی نهێنی کە زۆربەی ئەو کەسانەی ئەو لەباربردنە ئەنجام دەدەن پزیشك نینو لەحاڵەتی خوێن بەربون تەنانەت گیان لەدەستدانی ئافرەتەکە کەس بەرپرس نیە.

## ناهوشیاری سەرچاوەی زۆرینەی کێشەو نەهامەتیەکانە

"ناهوشیاری سەرچاوەی زۆرینەی کێشەو نەهامەتیەکانە" ئەوە قسەی دکتۆر یاسین کەریم بوو وەك هاوڵاتیەکی ئەم چفاکەو رەخنەی لەراگەیاندنو ئەندامانی پارلەمان گرتو وتی "پێویستە بەرنامەی دارێژراو هەبن بۆ پەروەردەو پەخش بکرێن، ئێمە هاولاتیمان هەیە ٣٠-٤٠ ساڵە هێشتا لەرووی فەسلەجیەوە جەستەی خۆی ناناسێت ، کێشە جدیەکان ئەرکی راگەیاندنەکانە کاری بۆ بکەن". ئەو وەك لەسەرەتای گفتوگۆکەیدا نیگەرانی خۆی دەربڕی لەئاستو رێژەی بەرزبووەوەی تاوانو بە تایبەتی ئەو تاوانانەی دژ بە ئافرەتان دەکرێن، دەڵێت "پارلەمانتارەکان کاری زۆر گەورەیان لەسەر شانە بەتایبەت ئافرەتەکان دەبێت، ئاگاداری دۆزی ژن بنو بەواقیعی لەکێشەکان بکۆڵنەوە، چونکە ئافرەتانن باجی کارنەکردنی ئەوان دەدەن" ئەو لەگەڵ زۆربەی ئەو کەسانەی دیراسەی کۆمەڵگا دەکەن، کۆکە لەسەر ئەوەی کە کورد گەلێکە زیرەکە بەڵام لەرووی کۆمەڵایەتیەوە ئەم چەند ساڵەی دوایی کۆمەڵێك دیاردەی هەڵەو ترسناك سەری هەڵداوە "سیستم نیە بەرنامە رێژی و پلان نیە بۆ کارەکان هەربۆیە لەو فەوزایەدا دیاردە سلبیەکان جێگەی خۆیان دەکەنەوە"

# ئامارە فەرمیەکانی پەیمانگای پزیشکی دادوەری لە هەولێر کە شارەکانی دهۆک و هەولێرو قەزای سۆرانیش دەگرێتەوە

**ساڵی ٢٠٠٤ - ٦٤٦ کەس گیانی لە دەستداوە (٩٥% ی قوربانیەکان ئافرەتن).**

| | |
|---|---|
| ٣٤٢ | بە لێدانی دەرەکی |
| ١٠٢ | سوتان |
| ١ | کارەبا |
| ٢٧ | کەوتنە ژێر ئاو |
| ٨ | پریشك پارچە |
| ٤ | خنکان بەگاز |
| ٣ | چەقۆ لێدان |
| ٣ | منداڵی فرێدراو |
| ٢ | کردنەوەی قەبر |
| ٢ | خنکاندن |
| ١ | ژەهر خواردن |

ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠٥

٨٧٥ کەس گیانی لە دەستداوە

ژمارەی گشتی

| | ژن | پیاو |
|---|---|---|
| لێدانی دەرەکی | | ٦٣ |
| بەفیشەك لێدان | ٣٣ | ١٠٦ |
| سوتان | ١٣٣ | ٣٣ |
| کەوتنە ژێر ئاو | ٣ | ١٧ |
| کارەبا لێدان | ٢ | ١٦ |
| خنکان | ٢ | |
| لێدان بەچەقۆ | | ٨ |
| ژەهراوی بوون | ٥ | ٣ |
| تەقینەوەی مین | ٧٩ منداڵ | |
| دۆزینەوەی منداڵ | | ٢ |
| خنکان | ٢ | ٢ |
| کردنەوەی قەبر | ١ | ٤ |

**٢٠٠٦تا مانگی ٦ /٢٠٠٦ -٤٣٣ حاڵەتی کوشتن هەبووە**

| | ژن | پیاو |
|---|---|---|
| لێدانی دەرەکی | ٥٠ | ٢٢١ |
| خنکان | ١٥ | ٢٦ |
| لێدان بەکارەبا | ٣ | ١٥ |
| کەوتنە خوارەوە لەبەرزاییی | | ٢ |
| لێدان بەفیشەك | ٢١ | ١٥٧ |
| سوتان | ٩٢ | ١٨ |

**تێبینی/**

بەکارهێنانو سودوەرگرتن لەئامارەکان بەبێ ناو هێنانی سەرچاوەکەی ئەو کەسە یان ئەو دەزگایە تووشی لێپرسینەوەی یاسایی دەکات.

**ئا/ هانا شوان**